

## پەیامی هێزو لایەنە سیاسی یەکان

### رێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

بەرێز:

دەفتەری سیاسیی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان ـ ئێران!

بە داخەوە ئاگادار بووین کە کاک عوسمانی رەحیمی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و کادر و هەڵسووری لە مێژینەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە شێوەیەکی کوتوپڕ بە هۆی سەکتەی مەغزی گیانی لە دەست داوە. بە بۆنەی مەرگی نابەوەختی کاک عوسمان لە لایەن کومیتەی ناوەندی کۆمەڵەوە پڕ بە دل سەرەخۆشیتان لێ دەکەین.

هەر لە رێگەی ئێوەوە ئەو پەری پەژارەی خۆمان بە بۆنەی ئەو رووداوە بە بنەماڵەو کەس و کاری بەرێزی ئەو ئازیزە رادەگەیەنین و خۆمان بە شەریکی خەمیان دەزانین.

لە لایەن کومیتەی ناوەندیی کۆمەڵەوە

ئیبراهیم عەلیزادە

٢١ی سیپتامبری ٢٠٠٧

### پەیامی پارتی ئازادیی کوردستان

بەداخ و کەسەری زۆرەوە، رۆژی سێشەممە ٢٠ خەرمانانی ٢٧٠٧ رێکەوتی ١١ سێپتامبری ٢٠٠٧، تێکۆشەری کورد و ئەندامی رێبەرایەتیی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان بە هۆی سەکتەی مێشکەوە، کۆچی دووایی کرد.

بەمبۆنەیەوە، دوێنێ چوارشەممە ٢١ خەرمانان، لە بنکەی دەفتەری سیاسی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان رێورەسمێک رێکخرابوو کە شاندێکی پارتی ئازادیی کوردستان بە سەرۆکایەتی بەرێز کاک حسین یەزدانپەنا جێگری سەرۆک و هەڤالان شەماڵ پیران کۆردیناتۆری کۆمیتەی ناوەندی و هەلو رەمشتی ئەندامی مەجلیسی گشتیی **PAK**، ئامادەی ئەو رێورەسمە بوو.

لەم رێورەسمەدا، کاک حسین یەزدانپەنا، لە وتەیەکدا بەناوی سەرۆکی **PAK** و هەموو

